پەرلەمانی کوردستان – عێراق

ژمارە : ٢٦٨٤/٣/٤

رێکەوت : ٢٠١٤/٩/٢

((ڕوونکردنەوە))

هە ڵەیەکی ماددی لە وەرگێران و دارشتنەوەی ( القسم – ٢٤- سبب الوفاة جراء المخاطرة بالقيادة) لە یاسای هاتووچۆی عێراق ژمارە (٨٦)ی ساڵی ٢٠٠٤ کە بە یاسای ژمارە (٣٦) ی ساڵی ٢٠٠٧ لە هەرێمی کوردستان بەرکارکراوە ، روویداوە. ئەم بەشەی یاسا کە پێکهاتووە لە چوار بڕگە، لە دەقە ئینگلیزییەکەدا ئاماژە بە سزای گرتن یان پێبژاردن دەکات بە (or) واتە (یان ) هاتووە نەك (and) واتە (و) واتە یەکێك لەم دوو سزایانە دەرهەق بەو کەسە جێبە جێ بکرێت . کەچی لە گشت پەرتووکەکان کە دەقی وەرگێڕدراوی عەرەبی ئەم یاسایەی تێدا هاتووە, بە ( و ) ترجمە کراوە (و) یش لە زمانی عەرەبی بۆ (عطف)ـە واتە هەروەها . هەر بەم شێوازە لەدادگاکان هەردوو سزا بەند کردن و پێبژاردن دەرهەق بەکەسانێك جێبەجێ دەکرێت کە بوونەتە هۆکاری ئەنجامدانی ئەم رووداوە. بۆیە بە پێویست زانرا ئەم روونکردنەوە فەرمییە بدەین و, لایەنی پەیوەندیداری لێ ئاگادار بکەنەوە و لە رۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان ) دا بڵاوبکرێتەوە.

فخرالدین قادر عارف

سکرتێری پەرلەمانی کوردستان – عێراق